www.kurdistannet.org

30-5-2007 22:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خەیاڵەکان قسە ئەکەن ... ڕێباز عوسمان عزیز

diwaninali@hotmail. com



تەنیا ئەوکاتە سەربەستم
کەعەقڵ لام میوان نەبێت
دارچوالە یەکی هاوڕێم پێی وتم
ئەمشەوپێکێ زیا نۆش بکە
بۆی زیاترلەلام دانیشیت
ڕۆژێک کچێک ماچی کردم
لەخۆشیا
گوڵێکی سورم بۆکڕی
ئەم ڕۆ ماچی کچێکم کرد
لەشەرما
وەکوگوڵ سورهەڵگەڕا
گریان یەکەم هاوڕێی منە
هەرکاتێ دڵم تەنگ ببێت
خێرائەگاتە بەردەمم
ئاخرمن چۆن
دڵ سۆزی ئەو لەیاد بکەم
نەورەسێکی کۆنە هاوڕێم
دوێنێ شەومیوان بوو لەلام
لەناودڵما جێگام بۆداخست بۆی بنوێ
بەڵام سەد ئاخ
هەتاکوبەیانی
ترپەی دڵم نەی هێشتبوو کەمێ بنوێ
دایکم و من دەریا و نەورەس
خاچ و عیسا کورد و ئاران
مانگ و زەریا ژن و خواوەند
هەمووما‌ن هەریەک شتین کەسمان نییە
هێندە شیعراوییە دڵم
ووشە لەزارم ئەچۆڕێ و
بەند لەپەنجەم هەڵ ئەوەرێ
باڵاشم بۆتە قافییە
کە تەوقە لەگەڵ ژن ئەکەم
واهەست ئەکەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەستێران لەسەردەستم ئەڕوێن و
نەورەس بۆمن پێئەکەنێ
خۆتم لێ زیز مەکە گوڵم
واهەست مەکە کە جێت دێڵم
ئەگەربشڕۆم
دڵمت لەلا جێ دەهێڵم
چاوم ئەکەمە ئەنگوستیلە و
لەنێوپەنجەتی دائەنێم
ئەگەرهاتی
کراسێکی لەپەڕەی گوڵ
تەنکترم بۆلەبەرکە
بۆئەوەی کەماچم کردی
ڕەنگی لێوم
بەکراسەکەتەوە جێ بمێنێ
کراسەکەت دامەکەنە
نامەحرەمین بەیەکتری
نەبا کوردێک بمان بینێ و
لای بەرد شکاتت لێ بکات
ڕەنگە ئێستا بەرد ببارێت
چەتری دەستیشمان هەر گوڵە
ئەرێ خوایە
بۆڕەحمێ بە کورد ناکەیت
هەموو شتێ کۆتاییە
سەرەتا بۆ هیچ شتێک نییە
وەک خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە
بێ سەرەتاو کۆتاییە

سوید / ستۆکهۆڵم
280507

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.